

# کاروان کاکەسوور و خوێنەرە خۆڕسکەکانی
## قسەیەک بۆ ئەم تەوەرە

**سەنگەر**

کاتێ کتێبی "منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد"ی "کاروان عومەر کاکەسوور"م خوێندەوە، نە "کاروان"م دەناسی و نە هیچ بەرهەمێکی دیکەی ئەوم خوێندبووە و نە دەشمزانی ناوی کتێبەکانی دیکەی ئەو چین، بەڵام ئەو کتێبە وای لێکردم کە بە دوای کتێب و بەرهەمەکانی دیکەشیدا بگەڕێم و هەوڵی خوێندنەوەیان بدەم.

لە تەمەنێکی زووەوە، گەلێ جار ئەو پرسیارەم لە خۆ دەکرد کە بۆچی دەبێ تەنها کەسانی بەتەمەن گەورە و بەساڵچوو (ئەگەر بیانەوێ) یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە و بگێڕنەوە، ئایا ناکرێ گەنجێک بگەڕێتەوە لای منداڵی خۆی، یان لای کۆی ئەو تەمەنەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەیەتی و بیگێڕێتەوە؟!

"کاروان" لەو کتێبەدا، زیاتر لەوەی پرسیارەکەی من پێویستییەتی، وەڵامی منی دایەوە، لەبەر دوو شت، یەکەم: ئەو نەک باسی ژیانی خۆی کردووە، بەڵکو لە کتێبێکدا، تەنها باسی قۆناغی منداڵی خۆی کردووە، (دیارە وەکو کاروان خۆی دەڵێت ئەم کتێبە بەشی دیکەشی بەدوا دێت)، لە کاتێکدا گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیشی بەشێوەیەکی وشک و ئەبستراکت نییە، وەکو لە زۆرێک لە بیرەوەرییەکانی دیکە دەبینین، بەڵکو تێکەڵەیەکی جوان و وەستایانەیە لە نێوان واقیع و فەنتازیا، نەک تەنها گێڕانەوەی ژیانی منداڵییە، گێڕانەوەی ئەو خەیاڵەشە کە لە خەیاڵدانی ئەو منداڵەدا هەبووە و ئەو کات هیوای بۆ خواستوون.

"منداڵیم ئاسكێک بوو بەسەر پەلكە زێڕینەكاندا بازبازێنی دەكرد"، كتێبێكە، ئەوەمان پێ دەڵێت كە دەكرێ تۆ جگە لە ژیانی ئەبستراكتی نووسەران، ئەو شتانەش بزانی كە بە خەیاڵی منداڵی ئەوان داهاتوون.

* * *

كاتێ رۆمانی (مامزێر)م دایە كاک "نەجات حەمید" و پێم گوت بە نیازین دۆسیەیەک لەبارەی ئەم رۆمانە بكەینەوە، رۆمانەكەی لێ وەرگرتم، تۆزێ هەڵگێڕ و وەرگێڕی كرد و گوتی: ئەو كوڕە كێیە ئەم رۆمانەی نووسیوە؟ لە كوێ دادەنیشێ؟! هیچ شتێكی لەبارەوە نەدەزانی، گوتم: ئەگەر پێت باش بوو شتێک لەسەر ئەم رۆمانە بنووسە و حەز دەكەم لە دۆسیەكەدا بەشدار بیت.

هەستم كرد ئەو بە ئیهمالییەوە گوتی: باشە.. با جارێ بیخوێنمەوە بزانم چۆنە؟

دوای ماوەیەک كە رۆمانەكەی خوێندەوە، پێی گوتم: بەڕاستی حەیفە كە ئەم كوڕە تا ئێستا وەک پێویست نەناسراوە و نەخوێندراوەتەوە و گرنگی پێ نەدراوە، من هەوڵ دەدەم كارەكانی دیكەشی بخوێنمەوە.

ئەوەبوو نەک بابەتێک، بەڵكو دوو بابەتی جوانی لەبارەی كتێبەكەوە نووسی. یەكێک لە رۆژنامەی خەبات و لێكۆڵینەوەیەكیش بۆ ئەو دۆسیەی ئێمە.

* * *

بەختیار عەلی كاتێ دەربارەی كۆمەڵە چیرۆكی "ئەسپیدلیۆن"ی كاروان عومەر كاكەسووری نووسی لە گۆڤاری رەهەند، دەڵێت: "كاتێک كە كۆمەڵە چیرۆكی "ئەسپیدیلیۆن"م بە دەست گەیشت، پێشتر هەرگیز ناوی ئەم چیرۆكنووسەم نەبیستبوو، بەڵام لە دوای خوێندنەوەی چیرۆكی یەكەمەوە، گەیشتمە ئەو بڕوایەی كە لەبەردەم كتێبێكی ئاساییدا نیم، كە لەخوێندنەوەی سەرجەم كتێبەكەش بوومەوە پتر دڵنیابووم، كە ئەسپیدیلۆن ئەگەر باشترین كۆمەڵە چیرۆک نەبێت لەم چەند ساڵانەدا خوێندبێتمەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەكێكە لە كۆمەڵە چیرۆكە هەرە جوانەكان".

كەواتە ئەویش لە رێگای بەرهەمەكانی "كاروان" خۆیەوە كاروانی ناسیووە، نەک لە رێگای برادەرایەتی یان لە رێگای وەسفی خەڵكی تر بۆ كارەكانی ئەو.

كەواتە ئەوەی كارێكی "كاروان" بخوێنێتەوە، ئەگەر خوێنەری جیدی بێت بە دوای كارەكانی دیكەشیدا دەگەڕێت، بەرهەمەكانی ئەو پێویستیان بە پێداهەڵگوتن و رێكلام نییە و خۆیان خوێنەر رادەكێشن و خۆڕسكانە خوێنەر دروست دەكەن.

رۆمانی "مامزێر" یەكێكە لە كارە جوانەكانی ئەم دواییەی "كاروان عومەر كاكە سوور" كە پێویستی بە لەسەر وەستان و خوێندنەوەیە، ئێمە لە گۆڤاری (كاروان)، ئەو هەوڵەماندا بۆ خوێندنەوە و لەسەر وەستانی "مامزێر" و دەخوازین توانیبمان بەشێک لە حەقی ئەو رۆمانە بدەین.